لیژنە هاوبەشەکانی هەرێم و عێراق بۆ چارەسەری کێشەی نەوت دەستبەکاردەبن

لەم هەفتەیەدا لیژنە هاوبەشەکانی هەرێم و عێراق بۆ چارەسەری کێشەی نەوت دەستبەکاردەبن، وەزیری نەوت دەڵێت، هەوڵەکان بۆ ئاڵاستەیەن نەوت رادەستی سەمە بکرێت و کێشەکە بەیەکجاریی چارەسەر بکرێت.

حەیان عەبدولغەنی، وەزیری نەوتی عێراق رایگەیاند، لە ڕێگەی دوو لیژنەی هاوبەشەوە، کە یەکەیان هونەری و ئەوەی دیکەیان یاساییە، لێگەڵ حکومەتی هەرێم گفتوگۆدەکەن بۆ ڕادەستکردنی نەوتی هەرێم بۆ وەزارەتی نەوتی عێراق لە ڕێگەی کەمپانیای سەمەوە.

ئەوشی خستەوو، ڕێنگۆ لەم هەفتەیەدا کەبوونەوەیەکی لیژنە هاوبەشەکان ئێنجامبدرێت، بۆ درێژدان بە گفتوگۆ و دانووستانەکان بۆ ئامانجی چارەسەرکردنی یەکجارەکی کێشەی نەوتی هەرێم بەجۆرێک نەوتەکە ڕادەستی کەمپانیای سەمە بکرێت بەمەبەستی هێنارەکردنی.

باسی لەوشکرد، هەرێم لە ئێستادا ٣٧٥ هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا بەرهەمدەهێنێت، کە ٤٥ هەزار

بەرمیلی بۆ پاڵاوگەکان دەوات و ئەوەی دیکە کە دەمێنێتەوە دەبێت رادەستی وەزارەتی نەوت بکرێت، بۆ ئەوەی لێرگەی کەمپانیای سەموە هێنارد بکرێت.